# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# چەمک (Concept) وەکوو ڕەهەندێکی پڕاگماتیکیی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا

## هەڵێنجراو (مستل)

م. ی. بەختیار نووری حەمەدئەمین

بەشی کوردی/کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەدین
bextyar.hamadamin@su.edu.krd

پ. د. سەباح ڕەشید قادر

بەشی کوردی/کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەدین
Dr.sabahrashed@yahoo.com

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە بەشـێکی هەڵێنجـراوی تێزێکـی دکتۆرایـە لـە بـواری پڕاگماتیکـدا بـە ناونیشـانی ''پڕاگماتیکـی درکپێکـردن لـە زمانـی کوردیـدا''. بـەو پێیـەی پڕاگماتیـک کارکردنـە لـە سـەر واتـای بارکـراوی یەکـە زمانییـەکان، واتـە لێکۆڵینـەوە و گەیشـتنە بـەو واتایـەی کـە بـە ئاشـکرا دەرنەبـڕدراوە، بەڵکـوو وابەسـتەی کۆمەڵـێ فاکتـەری ژینگەیـی، مەعریفـی، کۆمەڵایەتـی و کولتوورییـە. کـۆی ئـەم واتایانـەش بـە پێـی پڕاگماتیکـی درکپێکـردن کـە نوێتریـن تیـۆری پڕاگماتیکییـە، لـە دروسـتەی چەمکەکانـدا کـۆ دەبنـەوە. هـەر چەمکێـک لـە چەمکـە زمانییـەکان هەڵگـری چەندیـن کۆزانیاریـی جۆراوجـۆرن، لەوانـە: کۆزانیاریـی (گشـتی، ئاسـایی/نەریتی، کرۆکیانـە و تایبەتمەنـد). خـودی ئـەم کۆزانیارییانـەش وەکـوو پاکێجێکـی واتایـی لـە ئـاوەزی قسـەپێکەراندا داکـراوە. گێڕانـەوەی هەریـەک لـەو واتایانـەش پەیوەسـتە بـە کۆمەڵـێ پێـواژۆی ئـاوەزی. لەبـەر گرنگیـی ئـەم لایەنـە، لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن ڕۆڵـی چەمکـەکان لـە هەڵێنجانـی واتـای پڕاگماتیـک و لـە پڕاگماتیکـی درکپێکردنـدا بخەینـە ڕوو.

کلیلەوشەکان: چەمک، سیستمی چەمکی، کۆزانیاری، پڕاگماتیک، پڕاگماتیکی درکپێکردن

**پێشەکی:**

ئـەم توێژینەوەیـە لـە ژێـر ناونیشـانی "چەمـک وەکـوو ڕەهەندێکـی پراگماتیکیـی درکپێکـردن لـە زمانـی کوردیدا"یـە. هەوڵێکـە بـۆ خسـتنەڕووی ڕۆڵ و کاریگەریـی چەمکەکانـی زمـان لـە هەڵهێنجانـی واتـای پراگماتیکیـی یەکـە زمانییەکانـدا. هـەر لـە سـەرەتای پەیدابوونـی زانسـتی زمانیـی درکپێکردنـدا، چەمکـەکان (Concept) گرنگیـی زۆریـان پـێ دراوە. لـە کۆتـا قۆناغـی ئـەو قوتابخانـە زمانەوانییـەدا کـە پراگماتیکـی درکپێکردنـە، چەمکـەکان دەتوانـن ڕۆڵـی کارا ببینـن لـە شـیکردنەوەی واتـای گەیەنـراودا. ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا پێکهاتـەی چەمکـەکان و شـیکردنەوەیان بەسـەر هەنـدێ نموونـە لـە زمانـی کوردیـدا پیـادە دەکەیـن.

**١. پرسیاری توێژینەوەکە**

پرسـیاری سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە ئایـا چەمکـەکان چ ڕۆڵێـک لـە لێکدانـەوەی واتـای پراگماتیکیـی گوتنەکانـدا دەبینـن؟ لـە لایەکـی تـرەوە هەڵگرتنـی ئـەو چەمکانـە لـە ئـاوەزی مرۆڤـدا؛ هەڵگـری چ جـۆرە کۆزانیارییەکـە و ئـەو کۆزانیارییـە جۆراوجۆرانـە چـۆن و بـە چ پێواژۆیـەک دەگەڕێنرێنـەوە و لـە لێکدانەوەکانـدا بـەکار دەهێنرێنـەوە؟

**٢. ڕێبازی توێژینەوەکە**

توێژینـەوە پراگماتیکییـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی پەیـڕەوی ڕێبـازی وەسـفیی شـیکاری دەکـەن، چونکـە پیادەکردنـی تەکنیکەکانـی شـیکردنەوەیە لـە هەنـدێ نموونـەی وەرگیـراو لـە کاتێکـی دیاریکـراودا، بـەڵام ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا پشتبەسـت بـەو شـیکردنەوە تایبەتمەندانـەی تایبـەت بـە تیـۆری پراگماتیکیـی درکپێکـردن؛ شـیکاری نموونـەکان دەکەیـن.

**٣. دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی توێژینەوەکە**

لـە ئەنجامـی شـیکارکردنی نموونەکانـی نـاو ئـەم توێژینەوەیـە، چاوەڕوانـی ئـەو دەرئەنجامـە دەکەیـن کـە وا چەمکـەکان ڕۆڵـی بنچینەیـی بگێـڕن لـە گەیاندنـی واتـای پراگماتیکیـدا، بـۆ ئـەوەی بـبن بـە کۆڵکەیەکـی پتـەو لـە تیـۆری پراگماتیکـی درکپێکردنـدا.

**٤. ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە، ئەوانیش بریتین لە:

– **بەشـی یەکـەم:** پوختەیەکـە دەربـارەی تیـۆری پراگماتیکـی درکپێکـردن و سـەرەتای سـەرهەڵدانی، پاشـان ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکانـی خراونەتـە ڕوو، لـە نێوانیشـیاندا چەمـک وەکـوو ڕەهەندێکـی ئـەم تیـۆرە.

– **بەشـی دووەم:** ئـەم بەشـە پێـک هاتـووە لـە خسـتنەڕووی بابەتـی چەمـک بـە شـێوەیەکی گشـتی و پاشـان سـەلماندنی ئـەم بابەتـە وەکـوو ڕەهەندێکـی سـەرەکیی پراگماتیکـی درکپێکـردن.

پاشـان بـە چەنـد ئەنجامێکـی بەدەسـتهاتوو، لیسـتی سـەرچاوەکان، پوختـەی توێژینەوەکـە بـە زمانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی؛ کۆتایـی بـە توێژینەوەکـە هاتـووە.

## بەشی یەکەم

## پراگماتیکی درکپێکردن (بوار، چەمک و پێناسە)

**دەروازە**

پراگماتیـک وەکـوو زاراوەیـەک لـە زانسـتی زمانـدا تـا ڕادەیـەک بـووە بـە خـاوەن چەمـک و پێناسـەی تایبـەت بـە خـۆی، بوونێکـی سـەربەخۆی وەرگرتـووە و واتایەکـی دیـار و ئاشکراشـی هەیـە. لـە توێژینـەوە نوێیەکانـی بوارەکـەدا، پراگماتیـک هەمـوو ئـەو پەسـن و پێناسـانەی تـا ئیسـتا بـۆی کـراوە، بـە قۆناغـی کلاسـیکی پراگماتیـک، یـان بـە بـە پراگماتیکـی دێریـن نـاوزەد دەکـرێ، چونکـە هەمـوو ئـەو توێژینەوانـە لـە باسـکردنی پراگماتیکیـدا زیاتـر جەخـت لـە سـەر دەوروبـەر و بەرکارهێنانـی زمـان لـە دەوروبـەردا دەکاتـەوە و لایەنەکانـی تـری واتـای پراگماتیکـی تێیـدا فەرامـۆش کـراون. ئاشـکرایە کـە لـە پێناسـەی بـاوی پراگماتیکـدا هاتـووە کـە «پراگماتیـک بریتییـە لـە پەیوەندیـی نێـوان زمـان و دەوروبـەر کـە گرنگـن بـۆ تێگەیشـتن» (Levinson, 2003, 21). ئـەم پێناسـەیە یەکێکـە لـە باوتریـن پێناسـەکانی پراگماتیـک کـە ئاشـکرایە تێیـدا جەخـت لـە سـەر بەکارهێنانـی زمـان لـە دەوروبەرێکـدا دەکاتـەوە. لێـرەدا مەبەسـتمانە ئـەوە بڵێیـن کـە لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانیەوە تاکـوو ئێسـتا، پراگماتیـک بـە چەندیـن قۆنـاغ و پێناسـە و بـواری جیاجیـادا ڕۆیشـتووە، لـەم توێژینەوەیەشـدا

لــە بــواری درککردنــدا خــۆی دەبینێتــەوە. درککــردن (Cognition) وەکــوو ناو/بــوار و درکپێکــردن (Cognitive)، وەکوو سیفەتی ئەو بوارە لە بنەڕەتدا «کردەیەکی ئاوەزی مرۆڤە، یان پێواژۆی بەدەستهێنانی کۆزانیاری و تێگەیشتنە لە بیرۆکەکان لە ڕێگەی ئاوەز و هەستەکانەوە[١]». لە هەمان فەرهەنگدا ئەوە هاتووە کە درککردن بەکارهێنانی بەئاگاییانەی پێواژۆ عەقڵی و ئاوەزییەکانە. هەر لەم بارەیەوە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا دەڵێ: «درککردن بریتییە لە پێواژۆی بەرەوپێشچوونی زانیاری و تێگەیشتن لە ئاوەزی مرۆڤدا[٢]». ئەوەی لەم پێناسانەی زاراوەکەدا دەردەکەوێ ئەوەیە کە درککردن پەیوەستە بە پێواژۆی لێکدانەوە و گەڕاندنەوە و شیکارکردنی زانیاری لە ئاوەزدا.

**١-١. زاراوە و پێناسەی پڕاگماتیکی درکپێکردن (Cognitive Pragmatics)**

وابەستەبوون و بەیەکەوەهاتنی هەردوو زاراوە و بواری پڕاگماتیک و درککردنی دەگەڕێتەوە سەر هەمان ڕێچکەی کارکردنی ئاوەز لەگەڵ ئەو زانیاری و کۆزانیارییەی کە لە گەنجینەی کردوون و لە کاتی لێکدانەوەی دەربڕاوە پڕاگماتیکییەکاندا بە میکانیزمی تایبەت دەیانگەڕێنێتەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. لەم بارەوەیەوە (Mazonne, 2021, 1) دەڵێ: «چەمکی پڕاگماتیکی درکپێکردن لە پڕاگماتیک و درکپێکردنەوە هاتووە، پڕاگماتیکەکە بریتییە لە لێکدانەوە واتاییەکان و درکپێکردنیش بریتییە لە کۆزانیاریی ئاوەزی». ئاشکرایە کە هەریەک لەم لایەنانەش فرەڕەهەند و فرەبابەتن، بەم چەشنە ساناییە ناتوانرێ گوزارشت لە تەواوی بوار و چەمکەکەی بکرێت. هەر لە بارەی پێناسەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە، (Schmid, 2012, 3) پێی وایە «پڕاگماتیکی درکپێکردن بە واتا بنچینەییەکەی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی دووسەرەی ‹ئاڵوگۆڕکێ›ی نێوان پڕاگماتیک و درککردن». ئاشکرایە ئەوەی لە نێوان پڕاگماتیک و سیستمی درککردنی مرۆڤدا ڕوو دەدات، بریتییە لە خودی دروستەی زانیاری کە لە بۆتەی دەربڕاوە زمانییەکاندا دەنوێنرێن. "Bara" کە بە ڕابەری ئەم بوارە دادەنرێت، لە پێناسەی پڕاگماتیکی درکپێکردندا دەڵێت: «پڕاگماتیکی درکپێکردن بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارە ئاوەزییەکانی (Mental States) ئەو کەسانە کە بەشدارن لە پەیوەندیکردن و گفتوگۆیەکدا» (Bara, 2010, 1). هەروەک خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا باسی لەوە کردووە کە پڕاگماتیکی درکپێکردن هەوڵ دەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن هەر کردەیەکی پەیوەندیکردن لە ئاوەزدا ڕێک دەخرێت و دادەمەزرێت پێش ئەوە بە فیزیکی و لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەرببڕدرێ. "بارا" ئەوەشی خستووەتە ڕوو کە بارە ئاوەزییەکانی هەمەچەشنن و خۆیان لە کۆمەڵێ کردەی وەکوو (پاڵنەرەکان، ئامانج، حەز و ئارەزوو، بەئاگایی، بیری هاوبەش و باوەڕی هاوبەش، پاشخانی کۆزانیاری و یادگە) دەبیننەوە کە هەموو ئەمانەش لە بنەڕەتدا بیری ئەبستراکتن، لێکۆڵینەوەش لە هەریەک لەم بارانە پێویستی بە میکانیزم و پێواژۆی زانستی هەیە. ئاشکرایە کە بە پێی پێناسەکەی "بارا"، پڕاگماتیکی درکپێکردن گرنگی دەدات بە هەموو ئەو بارە دەروونی و ئاوەزی و بایۆلۆجییانەی کە لە مێشکدا ڕوو دەدەن لە میانەی کردەی پەیوەندیکردندا بە گشتی و کردەیەکی پەیوەندیی پڕاگماتیکیانە بە تایبەتی. هەروەک (Bosco, 2006, 1) دەڵێت: «ئامانجی پڕاگماتیکی درکپێکردن ئەوەیە ڕوونی بکاتەوە کە چ کردەیەکی عەقڵی و مەعریفی لە ئاوەزدا ڕوو دەدەن لە کاتی پەیوەندییەکی کارلێکەرانەدا. ئەمەش وای کرد کە "فۆکۆنیێ" پڕاگماتیکی درکپێکردن بکات بە بەشێک لە زانستی مەعریفی و بە ئاستی ناوەندی هەژمار بکات لە نێوان جیهانی ڕاستەقینە/فیزیکی لەگەڵ زانستی زماندا (عبدالسلام عشیر، ٢٠٠٦). شایانی باسە هەریەک لەو بارانەی مێشک کە پێشتر خرانە ڕوو، بریتینە لە کارلێکی ئاوەزییانەی ئەو بەشداربووانە لەگەڵ جیهانی فیزیکیی دەوروبەریان کە ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە سیمانتیکی درکپێکردن جەختی لە سەر دەکاتەوە. ئەو بارانەش ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە گەیشتن بە مەبەستی قسەکردن کە خۆی لە هەڵهێنجانی واتاییانەی گوتنەکان دەبینێتەوە. بۆ نموونە گەر لەم تەنزە بڕوانین:

١. هەرێم: خەریکە بە بەر چاوی هەمووتانەوە عەینی تایتانیکم بەسەر دێ[٣].

گەر لە نموونەی (١) بڕوانین، ئاشکرایە بە لێکدانەوەی واتایی دانە بە دانەی گوتنەکە ناگەین بە واتای مەبەست[٤] کە بریتییە لە واتایەکی پڕاگماتیکی کە لەودیوی گوتنەکەوە داپۆشراوە. لە پڕاگماتیکی دێریندا لە ڕێگەی پێشگریمانەوە (Presuppositions) دەیانویست شیکردنەوەی پڕاگماتیکی بۆ ئەم دەربڕینانە بکەن، بەڵام لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا بە پێی یەکێ لە تیۆرە واتاییەکان دەتوانرێ شیکاری ئەم جۆرە دەربڕاوانە بکرێت. بۆ نموونە لە (١) دا گوێگر لە مێشکیدا ڕوونتر لە گەڕاندنەوەی زانیاریی پەیوەستدا و بە یارمەتیی جۆری یادگەکانی دەتوانێ ئەو زانیاری و پاشخانی کۆزانیاریی خۆی کە ناسراوە بە کۆزانیاریی ئینسایکلۆپیدی (Encyclopedic Knowledge)، دەربارەی هەردوو بواری چەمکی "هەرێم" و "تایتانیک" بگەڕێنێتەوە. هەروەها بە پێی سیستمی چەمکی لە تۆڕی سیمانتیکیدا و بە یارمەتیی تیۆرێکی واتایی وەکوو "ئاوێتەکردنی چەمکەکان" هەردوو بواری چەمک بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پاشان دەگات بە دروستەی چەمکە نوێیەکە کە بریتییە لە مەبەستی پڕاگماتیکیی گوتنەکە. ئەمەش جیاوازیی نێوان هەردوو جۆری پڕاگماتیک نیشان دەدات کە لە پاری چوارەمی ئەم بەشەی توێژینەوەکەدا بە درێژی دەخرێتە ڕوو.

**١-٢. پوختەی مێژوویی/سەرەتاکانی پڕاگماتیکی درکپێکردن**

لە سەرەتای سەرهەڵدان و هاتنەکایەی زانستی پڕاگماتیکەوە، لایەنی درککردن یەکێک بووە لەو کۆڵەکانەی وەک پایەیەکی پتەو ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لەو پێواژۆ کۆزانیارییەی (مەعریفییەی) کە وەرگر لە هەڵهێنجانی واتای مەبەستدا پشتی پێ بەستووە، بەڵام هیچ کام لە فەیلەسووف و زمانەوانەکان، بە تایبەتی ئەوانەی لە سەرەتاوە بایەخیان بەم زانستە داوە، بە ڕوون و ئاشکرایی ئاماژەیان بە لایەنی درککردن نەداوە. لە ڕوانینێکی خێرا و ڕووکەشانەدا ڕاستیی ئەو قسەیەی سەرەوە دەسەلمێنین. بۆ نموونە لە تیۆری کردەقسەییەکانی[٥] سێرڵ و ئۆستندا، کاتێ وەرگر واتای دەربڕاوێکی وەکوو "دەزانی قەڵەمەکەتم شکاند!؟" بە یەکێ لە کردەکانی پۆزش، یان داوای لێبووردن لێک دەداتەوە، جیاواز لە دروستەی بنەڕەتیی وتنەکە کە ڕستەیەکی هەواڵدانە، ئەوا بەبێ باسکردنی ئەو لایەنە، خۆی لە بنچینەدا کردەیەکەی درکپێکردنە و مێشک و یادگە و پێواژۆ کۆزانیارییەکانی ڕۆڵیان بینیوە لە لێکدانەوەی ئەو واتا بارکراوەدا. بە هەمان شێوە لە لێکدانەوەیەکی پێشگریمانەییدا[٦] کاتێ نێرەر پەیامێک ئاڕاستەی وەرگر دەکات، لە پێشدا درکی بە ئامادەبوونی بەشێکی ئەو زانیارییەی کردووە کە وەرگر لایەتی و پێویست ناکات لە گوتنەکەدا دەربکەوێت. بۆ ئەو مەبەستە کاتێ وەرگر پەیامەکە وەردەگرێت، لە ڕێگەی پێواژۆیەکی کۆزانیارییەوە بە پشتبەستن بە زانیاریی پێشینەی ناو یادگە و ئاوەزیدا، ئەو بەشە دەگەڕێنێتەوە کە نێرەر لە ئاڕاستەکردنی پەیامەکەیدا سڕیوەتیەوە و ئەو ئەرکەش لە سەر وەرگر بە پێی ئەزموون و توانای خۆی ئەو بەشە بگەڕێنێتەوە. ئەمەش لە بنچینەدا لایەنێکی درکپێکردن لە فۆڕمێکی سادەی پێشگریمانەییدا. لەم بارەیەوە (Bara, ٢٠١٧, ٢٧٩) دەڵێت: «گومانی تێدا نییە نووسەرانی وەکوو (ڤیتگنشتاین و ئۆستن و گرایس و سێرل) لە کۆنەوە تاکوو ئێستاش بە شێوەیەی بەرچاو کاریگەرییان لە سەر ئەم بوارە هەبووە، بەڵام هیچ کامیان لە باسکردنی پێواژۆ ئاوەزییەکاندا (Mental Process) ڕۆڵیان نەبووە و خۆیان لێ نەداوە، بەڵکوو فەیلەسووفەکان زیاتر باسی هەنگاوەکانی پەیوەندیکردن و وەسفکردنەکانیان لە شێوەی فۆڕمی لۆجیکیدا خستووەتە ڕوو». لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ[٧] پێیان وایە مێژووی زانستی درکپێکردن هاوشانە لەگەڵ مێژووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی پڕاگماتیک. هەر چی سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی پڕاگماتیکی درکپێکردنە، ئەوا زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لە سەر ئەوەی کە یەکەم کتێب کە نمایندەی تەواوی ئەم زانستە بکات؛ بریتییە لە کتێبەکەی "Bruno G. Bara" بە ناونیشانی "Pragmatica cognitiva: I processi mentali della comuncazione" کە لە ساڵی (١٩٩٩) بە زمانی ئیتاڵی نووسراوە، دواتر لە ساڵی (٢٠١٠)دا وەرگێڕدراوەتە[٨] سەر زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی "Cognitive pragmatics : the mental processes of communication". بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی بە سەرەتای ڕێنیسانسی پڕاگماتیکی نوێ

دادەنرێـــت، ئاڕاســـتەگۆڕی پراگماتیکـــی کلاســـیکە، چونکـــە ڕێچکـــەی پراگماتیـــک دەباتـــەوە ســـەر پێـــواژۆی درکپێکـــردن و بەســـتانەوەیەتی بـــەو پرۆســـە زەینییانـــەی کـــە لـــە مێشـــکدا ڕوو دەدەن لـــە میانـــەی هەڵێنجانـــی واتایەکـــی پراگماتیکـــی لـــە دەربڕاوێکدا. ئەگەرچـی لـە سـەرچاوە کۆنەکانـی پراگماتیکـدا و بـە تایبەتـی لـە سـەرچاوە عەرەبییەکانـدا بـاس لـەوە کـراوە کـە ڕەهەنـدی درککـردن لـە پراگماتیکـدا بـە شـێوەیەکی کردارەکـی بـۆ کارەکانـی گرایـس و ئۆسـتن و سـێرل دەگەڕێتـەوە، بـەڵام وەکـوو ئاماژەمـان پـێ دا کـە ئـەوان کەمـتر باسـیان لـە پێـواژۆ ئاوەزییـەکان کـردووە لـە سـەرچاوە کوردییەکانـدا بـە شـێوەی تاکوتـەرا و لـە چەنـد دێڕێکـی کەمـدا بەرچـاو دەکەوێـت کـە سـەرچاوەیەک باسـی لـە پراگماتیکـی درکپێکـردن، یـان پراگماتیـک و درکپێکـردن، یـان تیۆرێکـی واتایـی و پراگماتیکیـان کردبێـت، ئەویـش بـە ڕای توێـژەر هیـچ کام لـەو سـەرچاوانەش نەیانتوانیـوە کرۆکـی ئـەم زانسـتە دەربخـەن و پلـە یـان شـوێنێکی شـیاوی پـێ بـدەن لـە توێژینەوەکانیانـدا. یەکێ لـەو سـەرچاوانە کـە ئاماژەیەکـی کورتـی بـە پراگماتیکـی درکپێکـردن کـردووە، بریتییـە لـە تێـزی دکتـۆرای "تریفـە عومـەر" بـە ناونیشـانی "پراگماتیکـی فەرهەنگـی" کـە لـە لاپـەڕەی (٧٦ تـا ٧٨) باسـی ئـەم زانسـتەی کـردووە و هەنـدێ لایەنـی تیۆریـی پەیوەسـت (Relevance Theory)[٩]ی لـە هەمبـەر پراگماتیکـی درکپێکـردن بـاس کـردووە. لـەو توێژینەوەیـەدا زیاتـر بایـەخ بـە تیـۆری پەیوەسـت دراوە و لـە شـیکردنەوەی پراگماتیکیانـەی هەنـدێ گوتنـدا لـە زمانـی کـوردی سـوودی لـێ بینراوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ لـە زمانەوانـان ڕایـان وایـە کـە ئـەم تیـۆرە بـە ڕادەیەکـی زۆر نمایندەی پراگماتیکـی درکپێکردنـی کـردووە لـە قۆناغـی دوای گرایـس و شـوێنکەوتووەکانیەوە، بـەڵام توێـژەر پێـی وایـە کـە ئـەو تیـۆرە تەنیـا دەتوانـرێ وەکـوو سـەرەتایەک بـۆ ئـەم زانسـتە سـەیر بکـرێ و بـە هەنگاوێکـی ئەرێنیـی دەبینێـت بـۆ بـازدان بـۆ بنچینـە درکپێکـراوەکان لـە پراگماتیکـدا، نـەوەک ببێتـە تیۆرێکـی سـەرەکی و شـوێنی تـەواوی تیـۆرە واتاییـە درکپێکراوەکانـی تـر بگرێتـەوە. ئەمـەش لـە کاتێکـدا سـەرەتای سـەرهەڵدانی تیـۆری پەیوەسـت بـۆ سـاڵی (١٩٨٦) دەگەڕێتـەوە کـە لـە لایـەن هەریـەک لـە "Dan sperber" و "Deirde Wilson"ەوە دانـراوە. شـایانی باسـە ڕەهەنـدی درککـردن لـە پراگماتیکـدا وەک هەنـدێ پێیـان وایـە بـۆ ناوەڕاسـتی سـەدەی پێشـوو دەگەڕێتـەوە، بـەڵام ئێسـتا بوارێکـی فراوانـی لـە توێژینـەوە جیهانییەکانـدا داگیـر کـردووە و بـووە بـە پاسـاو و بەڵگەیەکـی گونجـاو و لۆجیکـی بـۆ لێکدانـەوە و هەڵهێنجانـی واتـای مەبەسـت لـە دەربـڕاوە پراگماتیکییەکانـدا.

**١-٣. ڕەهەندەکانی پراگماتیکی درکپێکردن**

لـە قۆناغـی دێرینـدا فەیلەسـووفان و زمانەوانـان لـە چەنـد لایەنێکـی جیـاوازەوە لـە پراگماتیکیـان کۆڵیەوەتـەوە. تیـۆری کردەقسـەییەکان، پێشـگریمانە و دەرکەوتـەکان، بنەمـای هاریکاریـی گرایـس؛ دیارتریـن ئـەو بوارانـەن کـە لێیـان کۆڵراوەتـەوە. زمانەوانـە کوردەکانیـش بـە هەمـان شـێوەی زمانەوانـە بیانـی و عەرەبـەکان هەمـان ڕێچکەیـان گرتـووە. هـەر چـی ئـەم توێژینەوەیەیـە هـەوڵ دەدات لـە ڕەهەنـد و گۆشـەنیگای جیـاواز لـە پراگماتیـک بـە گشـتی و پراگماتیکـی درکپێکـردن بڕوانێـت. ئـەم کارەش لـەو ڕوانگەیـەوە دەبـێ کـە چوارچێوەیەکـی دیارکـراو بـۆ تیـۆر و لایەنەکانـی پراگماتیکـی درکپێکـردن دیـار بـکات. لـەم بەشـەدا دوای ئـەوەی زاراوە و پێناسـەی پراگماتیکـی درکپێکـردن، پاشـان پوختەیەکـی مێژوویـی ئـەم لقەزانسـتە نوێیـە خرایـە ڕوو، بـۆ بەتیۆرەکردنـی ئـەم لقەزانسـتە، لـە تەوەرەکانـی داهاتـوودا هـەوڵ دەدرێـت چـوار ڕەهەنـدی سـەرەکیی پراگماتیکـی درکپێکـردن بخرێتـە ڕوو. بـەم شـێوەیە:

١-٣-١. **ڕەهەنـدی یەکـەم**: چەمـک (Concept) و سیسـتمی چەمکـی لـە پراگماتیکـی درکپێکردنـدا

١-٣-٢. **ڕەهەنـدی دووەم**: دەوروبـەری کۆزانیـاری (المحیـط المعـرفي) لـە پراگماتیکـی درکپێکردنـدا

١-٣-٣. **ڕەهەنـدی سـێیەم**: کۆزانیاریـی هاوبـەش (المعرفـة المشـترکة) لـە پراگماتیکـی درکپێکردنـدا

١-٣-٤. **ڕەهەنـدی چـوارەم**: تیـۆرە واتاییـەکان پەیوەسـت بـە پراگماتیکـی درکپێکـردن

لـە بەشـی دووەمـدا بـاس لـە ڕەهەنـدی یەکـەم (چەمـک و سیسـتمی چەمکـی) دەکەیـن بـە گشـتی، پاشـان گرنگـی و ئاوێتەبـوون و ڕۆڵـی لەگـەڵ پراگماتیکـی درکپێکردنـدا دەخەینـە ڕوو.

## بەشی دووەم

### چەمک و سیستمی چەمکی لە پراگماتیکی درکپێکردندا

لــە توێژینــەوە زمانەوانییــە کۆنەکانــدا زیاتــر گرنگــی بــە وشــە و ڕســتە دراوە. بــۆ نموونــە هــەر لــە دابەشــکردنەکەی ئەفلاتوونــەوە بــۆ ڕســتە و پێکهاتــەی ئاخاوتــن، تاکــوو بلۆمفێڵـد و سۆسـێر. پاشـان چۆمسـکی بـە تیـۆرە ڕێزمانییـە یەکلەدواییەکەکانــی ئــەو کاروانــەی گەیانــدە لوتکــە. دوای دەرکەوتنــی ســەرەتاکانی ڕێبــازی زمانەوانــی درکپێکــردن، پاشـان سـیمانتیکی درکپێکـردن و پراگماتیکـی درکپێکـردن بـە پێـڕەو و بنەماکانـی، بابەتـی چەمـک بـووە یەکـێ لـە تـەوەرە ســەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانیــان و زۆرتریــن بایەخــی پــێ دراوە. لــەم ڕێبــازە نوێیــەدا لێکۆڵینــەوە لــە واتــای یەکــە و دروســتەی دەربــڕاوە زمانییــەکان و بەســتنەوەیان بــە لایەنــی بایۆلۆجــی، بــاری مێشــک، درککــرن، کاردانــەوە، هەســت و بیـری مرۆڤـەوە بـووە بـە فاکتەرێکـی بەهێـز بـۆ گرنگیدانـی زیاتـر بـە بابەتەکانـی چەمـک و سیسـتمی چەمکـی ئـاوەزی مــرۆڤ. لێــرەدا ئــەو پرســیارە ســەری هەڵــدا کــە یەکــە زمانییــەکان لــە فەرهەنگــی ئاوەزیــدا چــۆن دەبنــە دەفــری واتایـی و هەمـوو تایبەتمەندییـە زمانـی و نازمانییـەکان لەخـۆ دەگـرن؟ ئەمـەش بـووە هـۆی فراوانبوونـی توێژینـەوەکان لـە سـیمانتیک و پراگماتیکـی درکپێکردنــدا دەربــارەی چەمــک و پێکهاتـە و تایبەتمەندییەکانی. بـە پێـی (Evans&Green, ٢٠٠٦, ١٥٩)، ســیمانتیکی درکپێکــردن[10] چــوار بنەمــای ســەرەکیی هەیـە، هەمـوو بنەمـاکان پەیوەسـتن بـە چەمکـەوە. ئەوانیـش بریتیــن لــە:

١. دروستەی چەمکی بەجەستەکراوە

(Conceptual structure is embodied)

٢. دروستەی سیمانتیکی دروستەیەکی چەمکییە

(Semantic structure is conceptual structure)

٣. نواندنی واتا ئینسایکلۆپیدییانەیە

(Meaning representation is encyclopedic)

٤. دروستەی واتا بریتییە لە بەچەمککردن

(conceptualization)

ئاشـکرایە بابەتـی واتـا؛ قۆناغێکـی بـەر لـە بەچەمکبوونـە، هەندێـک پێیـان وایـە چەمـک کـۆی واتـاکان و گەشـەکردنیانە بـە پێـی قۆناغـەکان، بۆیـە چەمـک لـە واتـا جێگیرتـرە. ئـەم ڕاسـتییە لـە تـەواوی کارەکانـی ڕابەرانـی ئـەم قوتابخانەیـەدا ڕەنگــی داوەتــەوە. ئــەوەی چەمــک لــە وشــە و ڕســتە و دەســتەواژە جیـا دەکاتـەوە، ئەوەیـە کـە چەمـک تیاهەڵگـری تـەواوی زانیـاری و تایبەتمەندیـی خـودی بیرەکانـە. واتـە گـەر وشـەیەک واتایەکـی دیارکراوی هەبێـت، ئـەوا چەمـک هەڵگـری نیشـانە واتایـی و تایبەتمەندیـی بەکارهێنانـی چەمکەکەشـی هەڵگرتـووە. دەتوانیـن بڵێیـن «وشـەکان و واتاکانیـان و ئەرکیـان تەنهـا نوێنـەر و خستنەڕووی ئـەو چەمکانـەن کـە لـە ئـاوەزی مرۆڤـدا بوونیـان هەیـە" (کاروان عومـەر، ٢٠١٧، ٤٢٠). لـەوەش زیاتــر وشــەکان ناتوانــن هەمــوو لایەنێکــی چەمکــەکان بگەیەنـن، بەڵکـوو تەنیـا ئـەو لایەنانـەی چەمکەکـە دەگەیەنـن کــە لــە ئــاوەزی قســەکەردا بوونــی هەیــە و دەربــارەی چەمکەکــە ئەزموونــی کــردووە. واتــە کاتــێ قســەکەرێکی ئاسـایی، بـۆ نموونـە بەقاڵێـک بـاس لـە چەمکێکـی وەکـوو "شــووتی" دەکات، جیــاوازە لــەوەی کــە جووتیارێــک باســی دەکات. هەریــەک لەمانــە لــە گۆشــەیەکی جیــاوازەوە لــە خـودی چەمکەکـە دەڕوانێـت. "Gottlob Frege" لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا یەکـەم کـەس بـووە باسـی لـە جیاوازیـی نێـوان چەمـک و بابـەت کـردووە. لای فریگـە هـەر ڕسـتەیەک کـە بیرکردنەوەیەکـی تـاک دەرببڕێـت، لـە دەربڕینێـک پێـک دێـت کـە ئامـاژە بـە بابەتێـک (object) دەکات لەگـەڵ گوزارەکـەی (predicate) کــە ئامــاژە بــە چەمکێــک دەکات (Slater, ٢٠٠٠, ٤٢)[11]. واتـە چەمـک، هـەر ئـەو یەکـە زمانییانـەی کــە گوزارشــت لــە بــاری چەمکەکــە دەکــەن لــە شــێوەی کۆزانیاریــی زمانیــدا دەردەکــەون کــە خــۆی لــە واتایەکــی ئینسـایکلۆپیدیدا دەبینێتـەوە. واتـا ئینسـایکلۆپیدییەکان بریتیـن لــە ئەزمــوون و ئەزموونکراوەکانــی مــرۆڤ دەربــارەی زمــان و خــودی وشــەکانیش. لــەم بارەیــەوە هەنــدێ ڕایــان وایــە کـە چەمکـەکان تەنیـا بـە بیرکردنـەوە دانامەزرێـن، بەڵکـوو پێویسـتە ئەزمـوون بکرێـن. واتـە بیرکردنەوەیەکـی تایبـەت بـە بوارێـک یـان چەمکێـک لـە ئـاوەزی مرۆڤـدا ناتوانـێ بـە تەنیـا بیگەیەنێتـە کرۆکـی چەمکەکـە، بەڵکـوو زۆربـەی چەمکـەکان لـە ڕێگـەی ئەزمووکردنیانـەوە دەتوانـن لـە ئـاوەزی مرۆڤـدا بچەسـپێن. بـۆ نموونـە وشـەی "میـوەی مانگـۆ" بـە تەنیـا

لـە ڕێگـەی بیرکردنـەوە دەربـارەی ناتوانیـن تـەواوی چەمـک و بـوار و بەکارهێنانەکـەی یەکلایـی بکەینـەوە، بەڵکـوو لـە ڕێگـەی ئەزموونکردنـەوە تـەواوی زانیـاری لـە سـەر چانـدن و بەرهەمهێنـان و گواسـتنەوە و خواردنـی... هتـد؛ دەزانیـن. ئەمانـەش بریتیـن لـە واتایەکـی ئینسـایکلۆپیدی کـە لەگـەڵ چەمکەکـدا بەشـداری دەکـەن لـە بنیادنانـی دروسـتەی چەمکەکـە لـە ئـاوەزی مرۆڤـدا. ئـەم واتایانـەش لـە ڕێگـەی کارلێکـی جەسـتەی مـرۆڤ بـە ژینگەکەیـەوە دروسـت دەبـن کـە ئەمـەش خاڵـی یەکەمـە لـە بنەماکانـی سـیمانتیکی درکپێکـردن. لـەم بـارەوە (Evans & Green, ٢٠٠٦, ٢٠٦) پێیـان وایـە «چەمکـەکان نێوەندگیـری نێـوان وشـەکان و جیهانـی واقعـی دەرەوەی زمانـن». هەندێکـی تـر ڕایـان وایـە کـە «ئۆنتۆلۆجـی[١٢] چەمکێکـی دوولایەنـە، یەکەمیـان چەمکـەکان بریتیـن لـە بوون/شـتە ئەبسـتراکتەکان. دووەمیـان چەمکـەکان بریتیـن لـە نواندنـە ئاوەزییـەکان (Mental Representation) (Eric, ٢٠٠٧, ٥٦١). بـەو پێیـە چەمکـەکان خـودی بیرۆکـە ئەبسـتراکتەکانن دەربـارەی وشـەکان لـە ئـاوەزی مرۆڤـدا. ئـەو چەمکانـە تایبەتمەندییـە ئەزموونکراوەکانـی مـرۆڤ لـە خۆیانـدا هەڵدەگـرن و لـە کاتـی بەکارهێنانـی هەریـەک لـەو چەمکانـەدا، تـەواوی ئـەو تایبەتمەنـدی و زانیـاری و خاسـیەتەکانیان و واتـا زیـادە بارکـراوەکان چەمکەکـەش دەگەڕێننـەوە کـە سـوودیان هەیـە بـۆ تێگەیشـتن لـە واتـای چەمکەکـە و ئـەو دەوروبـەرەی تێیـدا بـەکار هاتـووە، ئەمـەش هەنگاوێـک چەمـک لـە پڕاگماتیـک نزیـک دەکاتـەوە. بـەو پێیـەش «سـیمانتیکی درکپێکـردن نکۆڵـی لـە بوونـی واتـا نازمانی/پڕاگماتیکـی نـاکات، بەڵکـوو نکۆڵـی لـە جیاکاریـی تونـدی لەگـەڵ واتـای زمانی/سـیمانتیکی دەکات و پێـی وایـە هەردووکیـان دوو جـۆری واتـای سـیمانتیکین. ئـەم ڕاسـتییەش لـەوەوە هاتـووە کـە خـودی واتـای سـیمانتیکی؛ نواندنـی ئەبسـتراکتانەی واتـای پڕاگماتیکیـن. ئـەم نواندنـەش لـە ڕێگـەی چەمکەکانـەوە دەبێـت. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە خـودی چەمکـەکان بڕیـار لـە سـەر واتـای سـیمانتیکی، یـان پڕاگماتیکیـی دەربـڕاوەکان دەدەن. بـۆ نموونـە گـەر لـە ڕسـتەکانی ژمـارە (١) ورد بینـەوە:

٢. ئـ دانا ناخواتەوە.

ب. زانا نارشێتەوە.

بـە سـەرنجدان لـە کردەکانـی ڕسـتەی (٢. خواردنـەوە + ڕشـانەوە) تێدەگەیـن کـە هەردووکیـان پەیوەسـتن بـە کـرداری "هەرسـکردنەوە". ئـەم کردەیـەش تـا ڕادەیـەک ئاشـنایە لای قسـەپێکەرانی زمانەکـە، بـەڵام بەکارهێنانیـان لـەو ڕسـتانەدا جگـە لـە واتـا سـیمانتیکییەکەی، دەشـێ بـە پێـی تایبەتمەندیـی دەوروبـەری بەکارهێنانیانـەوە، واتایەکـی نازمانی/پڕگماتیکـی ببەخشـن. ڕسـتەی (٢ - ئـ) دەشـێ مەبەسـتی قسـەکەر ئـەوە بـێ کـە کەسـی ژیـر و هۆشـمەند خواردنـەوە کحولییـەکان ناخواتـەوە. لـە کاتێکـدا ڕسـتەی (٢ - ب)یـش دەشـێ مەبەسـتی ئـەوە بـێ کـە کەسـی زانـا؛ قسـەی نابەجـێ و ناشـیرین نـاکات. لـەو کاتـەدا هـەردوو ڕسـتەکە دەبنـە دەربڕینێکـی میتافۆڕیانـە و لێکدانەوەکانیـان لـە سـنووری سـیمانتیکەوە بـەرەو پڕاگماتیـک دەپەڕنـەوە. لێـرەدا دەگەینـە ئـەو ڕاسـتییە کـە خـودی چەمکـەکان و وابەسـتە بـە دەوروبـەری گوتنەکـەوە گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە مەبەسـتی سـەرەکیی گوتنـەکان، بـە تایبەتـی مەبەسـتی نازمانی/پڕاگماتیکـی، چونکـە ئـەوە هـەر یـەک لـە تایبەتمەندیـی ئەزموونکـراوی هـەردوو چەمکـی (خواردنـەوە + ڕشـانەوە)ن لـە ئـاوەزی قسـەکەردا بـۆ بەکارهێنانـی لـە پەیامەکەیـدا دوای پێشـبینیکردنی بـۆ بوونـی ئـەو چەمکانـە بـەو تایبەتمەندییـەوە لـە ئـاوەزی وەرگـردا.

لـە زمانەوانیـدا چەمکـەکان بـە پێچەوانـەی وشـەوە پێکهاتەیەکـی ئاڵۆزتریـان هەیـە. ناوەڕۆکـی چەمکەکـە بەسـەر مانـای زمانەوانـی و هەسـتی کولتووریـدا دابـەش کـراوە، بۆیـە زۆر جـار پێـی دەوتـرێ یەکەیەکـی کۆزانیـاری، بیرۆکەیەکـی ئەبسـتراکت یـان واتایەکـی دەروونـی، چونکـە چەمکـەکان نێوەندگیـری نێـوان ئـاوەز و جیهانـی ڕاسـتەقینەن. ئـەم پێکهاتـە ئاڵـۆز و فرەڕەهەندییـەی چەمکـەکان وای کـردووە کـە بەکارهێنانەکانـی هەمەلایـەن و فرەچەشـن بـێ. جگـە لـە لایەنـە کۆزانیارییەکەیـەوە، هەنـدێ ڕەهەنـدی دەروونـی، کۆمەڵایەتـی، کولتـووری... هتـد، خۆیـان بخزێننـە نـاو بەکارهێنانـە جیاوازەکانـی چەمکەکانـەوە. بـۆ زیاتـر ڕوونکردنـەوە، لـە ڕسـتەی (٢) دەڕوانیـن:

٣. گۆزە لە ڕێی کانی دەشکێت.

ڕستەی (٣) جگە لە واتا زەمانییەکەی، واتایەکی نازەمانییش دەگەیەنێت، بەڵام گەر لە چەمکی ئەو گوتنە ورد بینەوە، دەبینین بەکارهێنانی وشەی "گۆزە" تەنیا لە سەر بنەمای زەمانی نییە، بەڵکوو بنەمایەکی کولتووری، کۆمەڵایەتی، دەروونیشی تێدایە. ئەم هەڵبژاردنە وای کردووە کە پێکهاتەی چەمکەکە جێگیر بێت و بەکارهێنانی سنووردار بێت، چونکە گەر بە پێی کرۆکەواتای سیمانتیکی لێی بڕوانین، دەبینین وشەی "سەتڵ" هەمان تایبەتمەندی و نیشانەی واتایی "گۆزە"ی هەیە (کە بریتین لە: + قووڵ + دەفر + دەسکدار)، کەچی "سەتڵ" لە ئاوەزی قسەپێکەری کورددا نەیتوانیوە ببێتە نمایندەی ئەو چەمکە و شوێنگرەوەی "گۆزە". ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بەکارهێنانی بنچینەیی چەمکەکان پەیوەستن بەو ئەزموونەی کە بەکارهێنەرانی زمانەکە لەگەڵ خودی چەمکەکاندا هەیانە و لە یادگەیاندا تۆماریان کردووە، چونکە ئەو چەمکانە لە دروستەی قووڵیاندا هەڵگری سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایین. ئەم سروشتە ئینسکلۆپیدییە وەکوو ڕێبازێکی جیاوازی سیمانتیکی کار دەکات بە ناوی "سیمانتیکی ئینسکلۆپیدی". (Langeker, ١٩٨٧) ئەو کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدییەی کردووە بە چوار جۆر، هەر ئەم چوار جۆرە کۆزانیارییە دەبنە داڕشتەی هەر چەمکێک. واتە هەموو چەمکێک لەم چوار جۆرە کۆزانیارییە پێک دێت. کۆزانیارییەکانیش ئەمانەن:

**١. کۆزانیاریی چاولێکەرییانە/نەریتی (Conventional knowledge)**

ئەم کۆزانیارییە لەگەڵ بیرۆکەی سۆسێر یەک دەگرێتەوە بەوەی کە چۆن کۆمەڵگەیەکی ئاخاوتن ڕێک کەوتوون لە سەر ئەوەی کە بە "دارێک/بوونی ماددی" بڵێن "دار/بیرۆکەی ئەبستراکت"، بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی ئاخاوتن ڕێک کەوتوون لە سەر ئەوەی کە بۆ نواندنە ئاوەزییەکانی خۆیان دەربارەی چەمکێکی واتایی، چ چەمکی وشەیەک بەکار بهێنن. بۆ نموونە زانیاریی چاولێکەرییانەی ئاخێوەر لە کولتووری ئێمەدا دەربارەی وشەی "مۆز"، بریتییە لەوەی کە میوەیەکە دەخورێ لە پێش یان لە دوای نانخواردن... هتد، کۆزانیاریی ناچاولێکەرییانەش (Non-Conventional knowledge) بریتییە لەوەی کە ئەو میوەی دوای جۆرە خواردنێک کرداری هەرس قورستر دەکات.

**٢. کۆزانیاریی گشتی (Generic knowledge)**

بۆ نموونە ئێمە هەموو دەزانین کە "مۆزی زەرد" پێگەیشتووە و بەتامترە لە مۆزی سەوزی نەگەییو[١٣]! ئەم زانیارییە بریتییە لە کۆزانیاریی گشتی دەربارەی جۆری مۆز کە لە ئاوەزی ئێمەدا نەخشێنراوە. کۆزانیاریی گشتی بۆ زۆر لە نموونەکانی پۆلێکی دیاریکراو دەگونجێ. واتە هەموو ئەندامێکی پۆلێکی دیارکراو هەمان سیفات و تایبەتمەندی دەیگرێتەوە. ئەگەر هاتوو هەر ئەندامێکی ئەم گرووپە تایبەتمەندیی تایبەتی وەرگرت، ئەوا کۆزانیاری دەربارەی ئەو ئەندامە دەبێتە کۆزانیاریی تایبەت (specific knowledge).


**٣. کۆزانیاریی جەوهەری/کرۆکیانە (Intrinsic knowledge)**

ئەم کۆزانیارییە بەندە بە تایبەتمەندییەکانی ناوەوەی/خودی شتەکە، نەک لە ژێر کاریگەرییەکانی دەرەوە. مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ (شێوە + تام + بۆن + ڕەنگ) شتەکان، دەبێتە هۆی زانینی ئەم کۆزانیارییە. بۆ نموونە شێوەی مۆز لە لای هەموومان ئاشنایە، ئەم تایبەتمەندییە تایبەتمەندییەکی کرۆکیانەیە بۆ خودی شتەکە. خواستنی ئەم وشەیە بۆ بەکارهێنانی تر، ڕەنگە ببێتە کۆزانیاریی چاولێکەرییانە.

**٤. کۆزانیاریی تایبەتمەند (Characteristic knowledge)**

ئەم کۆزانیارییە پەیوەندیی بە پلەی ئەو تایبەتمەندییەوە هەیە کە شتەکە هەیەتی. بۆ نموونە ڕەنگی زەرد زیاتر تایبەتمەندیی مۆزە وەک لە ڕەنگی سووری خۆخ، چونکە لە ناو پۆلەکەیدا کەمتر میوە ڕەنگ زەردن وەک لەوەی زیاتر ڕەنگ سوورن. لە هەمان کاتدا خواردنی مۆز نابێتە کۆزانیاریی تایبەتمەند، چونکە هەموو میوەکان دەخورێن.

جێگەی سەرنجە سێ جۆری کۆتایی کۆزانیاریی دەشێ ببن بە کۆزانیاریی چاولێکەریانە/ئاسایی، ئەمەش بە هۆی ڕێژەی زیاتر بەکاهێنانیان لە لایەن ئاخێوەران و گۆڕینی پلەی تایبەتمەندییان. بەم شێوەیە:




هێڵکاریی ژمارە (٣)
جۆرەکانی کۆزانیاری
خشتەی خولیان
سەرچاوەی هێڵکاری: (Evans&Green, ٢٠٠٦, ٢١٩)

ئەم جۆرە کۆزانیاریيانە دەبنە هەوێنی لێکدانەوەی گوتنەکان، ئەمەش بەوەی کاتێ نێرەر ئەم چەمکانە بە کۆد دەکا، ئەوا بە شێوەیەکی خۆکرد ئەم کۆزانیاریيانە لە ئاوەزی وەرگردا پێشگریمانە کراوە. ئەم کۆزانیاریيانەش هەموویان لە ڕێگەی بەکارهێنان و کارلێکیان لە ژیانیدا مرۆڤ وەریگرتووە، بۆیە ئەم کۆزانیاريیانە و یارمەتییەکانیان لە لێکدانەوەی واتای مەبەستدا، هەنگاوێک لە پراگماتیکی نزیک کردوونەتەوە.

### ٢-١. چەمک لە پراگماتیکی درکپێکردندا

گرنگیدان بە واتای سیمانتیکی/زمانی و فەرامۆشکردنی واتای پراگماتیکی/نازمانی لە لایەن ڕێباز و قوتابخانە زمانەوانییەکانەوە، وای کرد کە سیمانتیکی درکپێکردن هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم ئاریشەیە بدات. ئەمەش لە کاتێکدایە کە سیمانتیکی درکپێکردن بانگەشەی ئەوە دەکات کە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان واتای زمانی و نازمانیدا. بەو پێیەی کە واتای نازمانی لە کۆتاییدا خۆی واتایەکی زمانییە و لە ئاوەزدا داکراوە. «بەدیدنەگرتنی دەوروبەری بەکارهێنان لە شرۆڤە زمانەوانییەکاندا؛ زۆر بە توندی لە لایەن زمانەوانانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە نەک هەر ڕەت کرایەوە، بگرە ‹چارلس فیلۆمر و ڕۆنالد لانگەکەر› دوو تیۆری تایبەتیان لە زانستی زمانی درکپێکردندا بە ناوەکانی ‹سیمانتیکی چوارچێوەیی› (Frame Semantics) و ‹تیۆری مەودا› (The Theory of Domains) خستە ڕوو بۆ هەژمارکردنی گرنگیی لایەنی دەوروبەری بەکارهێنان لە شرۆڤە واتاییەکانی زماندا» (کاروان عومەر، ٢٠١٧، ٤٢٨). هەروەک لە پێشتردا ئاماژەی پێ کرا، سیمانتیکی درکپێکردن پێی وایە کە دروستەی واتا بە چەمک کراوە. ئەو چەمکەش تیاهەڵگری تەواوی تایبەتمەندی و خاسیەتی بەکارهێنانی چەمکەکەیە و لە شێوەی واتای ئینسکلۆپیدیدا خۆی دەنوێنێت. واتە لە دروستەی چەمکەکەدا لە کاتی بەکارهێنان و بەکۆدکردنی ئەو چەمکە لە ئاوەزی وەرگر و نێرەردا، تەواوی ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییەی لەگەڵدا داکراوە. ئەم لایەنانەش وا دەکات کە نێرەر و وەرگر ئاسانتر بتوانن هاریکار بن و شێواز و پلەی گوتنەکانیان ڕێک بخەنەوە. واتە بە پێی ئاستی یەکتر گفتوگۆ بکەن و پەیامەکانیان دابڕێژنەوە. ئەم لایەنەش وا دەکات کە چەمکەکان ئاوێتەی لێکدانەوە پراگماتیکییەکان ببن. (Evans & Green, ٢٠٠٦, ٢٢١) ئەوەیان خستووەتە ڕوو کە سروشتی ئینسکلۆپیدی واتایی زمان دارشتەیەکی ڕێکخراوی هەیە و پەیوەستە بە دارشتەی چەمکەکانەوە. بەو پێیە واتای زمانی و نازمانی لە بۆتەی دروستەی چەمکەکاندا پەیکاڵ دەبن و دروستەی چەمکەکە دەخەنە ڕوو. ئەوەی گرنگە بۆ لێکدانەوەی چەمکەکە، خودی بەکارهێنانی چەمکەکەیە نەک واتاکەی بە تەنیا. بۆ نموونە گەر لە کاری "ڕۆیشتن" بروانین لە ڕستەکانی ژمارە (٣)دا:

٤. ئـ. منداڵەکە دەڕوات.
ب. دەستی دەڕوات.
ج. فکری دەڕوات.

لە هەریەک لە نموونەکانی ژمارە (٤. ئـ ب، ج)دا کاری "دەڕوات" یەک واتا ناگەیەنن. واتە ڕۆیشتن لە فەرهەنگی

ئاوەزی ئاخێوەری کورددا کردەیەکی فیزیکیی هەستپێکراوە و پەیوەستە بە جووڵەوە. ئەم واتایە لە نموونەکانی ژمارە (٤. ب، ج)دا چنگ ناکەوێت، بەڵکوو واتایەکی نازمانی/ پراگماتیکیی گەیاندووە. ئەویش بە پێی باروودۆخ و بەکارهێنانی چەمکی وشەکەیە. بۆ نموونە ڕستەی (٤. ب)، کەسێکی دەسەڵاتدار و خاوەن هەژموون و دەستڕۆیشتووە، کەچی ڕستەی (٤. ج) چەمکی ڕۆیشتن بە واتای بێئاگایی و غەفڵەت دێت. ئەم بەکارهێنانە جیاوازانەی چەمکەکان بە واتای جیاواز، وا دەکات بڵێین بەهای واتای سیمانتیکیی هەر گوتنێک لە بەکارهێنانییەوە هاتووە. بەو پێیە جیاوازیی بەکارهێنانی چەمکە زمانییەکان دەبنە بنەما بۆ واتای سیمانتیکیی چەمکەکان. بەمەش دەتوانین بڵێین لەو جۆرە گوتنانەدا واتای پراگماتیکیی گوتنەکان دەبێتە بنەما بۆ واتای سیمانتیکییان. بەم شێوەیە:

واتای سیمانتیکی = بەکارهێنانی وشە

بەکارهێنانی وشە = واتای پراگماتیکی

واتای سیمانتیکی = واتای پراگماتیکی[14]

کەواتە وشە تاکوو بەکاری نەهێنیت، جۆری واتاکەی ئاشکرا نابێت، بەمەش داڕشتەی چەمکەکە دروست نابێت. هەر لەم بارەیەوە (Carlston, ٢٠٠٢, ٣٢١) دەڵێت: «هەر چەمکێک پێک دێ لە ئەدرێس یان گرێیەک لە یادگەدا کە سێ جۆر زانیاری لەخۆ دەگرێت»:

١. ناوەرۆکی لۆژیکی (Logical Content)

٢. زانیاریی ئینسکلۆپیدی یان گشتی (Encyclopedic or General knowledge)

٣. تایبەتمەندیی لێکسیکی (Lexical Properties)

لە هەر باروودۆخێکدا گەر ئەم سێ جۆرە زانیارییە بەسەر هەریەک لە ڕستەکانی ژمارە (٣)دا پیادە بکەین، دەبینین کە چەمکی کردەکە لەگەڵ هەر سێ جۆر زانیارییدا دەگونجێت. بۆ نموونە ڕستەی ژمارە (١. ئـ)، کردەکە ناوەرۆکێکی لۆژیکیی هەیە و لە ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤدا ڕێپێدراوە. ئەو کردەیە هەڵگری زانیارییەکی گشتی یان ئینسکلۆپیدییە کە تایبەتمەندیی چەمکەکەی پێک هێناوە. ئەو کردەیە هەڵگری تایبەتمەندیی لێکسیکییە/فەرهەنگییە کە دەگونجێ لەگەڵ تەواوی دانەکانی تری دەربڕاوەکە و لە پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونیدا. ئەم زانیارییانە لە کاتی لێکدانەوە و کردنەوەی کۆدی گوتنەکاندا وەرگر سوودیان لێ دەبینێ و بە هۆیانەوە دەگاتە واتای مەبەست، چونکە هەر ئەم واتا بارکراوانەن لە پراگماتیکی دێریندا لە بابەتی پێشگریمانە و کردەقسەیی و بنەمای هاریکاریدا باس کراون، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە لایەنی پێکهاتەی چەمکی وشە و دەربڕاوەکان بکرێت. هەر بۆیە لە پراگماتیکی درکپێکردندا واتای دەوروبەر بریتییە لە واتای پێکهاتەی سروشتیی چەمکەکان، چونکە «واتای دەوروبەریانە. زیاتر مەبەست لێی ئەو دەوروبەر و باروودۆخەیە کە شارەزاییمان لە سەر چوار جۆرەکەی کۆزانیاری وەرگرتووە و لە ئاوەزماندا بەکۆدمان کردووە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە پاش دروستبوونی چەمکەکە (واتا ئینسکلۆپیدییەکە) نمایندەی واتا ئینسکلۆپیدییەکەی تێدا بەکار دەهێنرێتەوە. واتە واتای دەوروبەریانە، بریتییە لە باروودۆخی وەرگرتنی چوار جۆرەکەی کۆزانیاریی داڕشتەی چەمک و باروودۆخی بەکارهێنانی ئەو وشەیەی لە ئاوەزماندا نمایندەی چەمکە دروستبووەکەیە» (کاروان عومەر، ٢٠١٧، ٤٣٩). بەو پێیە دەوروبەری بەکارهێنانی چەمکەکە بریتییە لە دەوروبەری بەکارهینانی جۆرەکانی کۆزانیاریی چەمکەکە، بۆیە لە هەندێ باردا بۆ لێکدانەوەی واتای پراگماتیکیی دەربڕاوێک، پێویستمان بە ئاوێتەکردن و گرێدانی کۆزانیاری و دەوروبەر هەیە کە ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە لە بنچینەدا کۆزانیارییەکان لە دەوروبەری بەکارهێنانی چەمکەکانەوە لە ئاوەزی قسەپێکەراندا داڕێژراوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، گەر لە نموونەی ژمارە (٥) بڕوانین:

٥. نەورۆز: بە سەری خۆم مزانیایە وەزعتان وایە؛ نەئەهاتم[15].

گوێگر بۆ ئەوەی لە واتای پراگماتیکیی ئەم گوتنە تێبگات، پێویستی بە کۆزانیاریی پێشینە هەیە دەربارەی هەریەک لە چەمکەکانی "نەورۆز" و "وەزعی ئێستای خەڵک و ناوچەکە"، چونکە نەرێکردنی هاتنی نەورۆز لەم کاتەدا، بە نەرێنی لێک دەدرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە هاتنی ئەو جەژنە نەتەوەییەی کورد لە بنەڕەتدا بارێکی

ئەرێنیی هەیە. ئەمەش کاتێ ڕوون دەبێتەوە کە کۆزانیاریی پێشینە و دەوروبەری بەکارهێنانی چەمکەکان پێکەوە بنە هەوێنی لێکدانەوەی واتای گوتنەکە. ئەم تایبەتمەندییەش لە تەوەرەکانی داهاتوودا لە بابەتی تیۆرە واتاییەکانەوە زیاتر ڕوون دەبنەوە.

**ئەنجامەکان**

١. پڕاگماتیکی درکپێکردن ئەگەرچی خۆی بە لقێکی زمانەوانیی درکپێکردن دانرابوو، بەڵام ئێستا لەو چوارچێوەیە دەرچووە و خۆی بووە بە تیۆرێکی سەربەخۆ و چەندین ڕەهەند و تیۆری تری تێدا جێ دەبێتەوە.

٢. لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا تیۆر و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە گۆشەیەکی ئەم لقەزانستە تەواو دەکەن، چونکە هەروەک دەگوترێ پڕاگماتیکی درکپێکردن کۆتا قۆناغی قوتابخانەی درکپێکردنە.

٣. هەموو ئەو جۆرە دەربڕاوانەی کە دەچنە چوارچێوەی زمانی خوازەییەوە (نوکتە، تەنز، میتافۆڕ)، دەتوانرێ لە چوارچێوەی پڕاگماتیکی درکپێکردندا شی بکرێنەوە.

٤. دارشتەی چەمکەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە بنیادی واتای پڕاگماتیکیی دەربڕاوە زمانییەکاندا.

**پەراوێزەکان**

1. https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/cognition

2. ٢ https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/cognition?q=cognition

٣. ئەم نموونەیە تەنزێکی د. شێرکۆ عەبدوڵایە، لە سایتی درەو لە ساڵی ٢٠٢٢دا بڵاو کراوەتەوە.

٤. واتای مەبەست لێرەدا واتایەکی پڕاگماتیکییە، نەوەک واتای ڕووکەش، یان واتای وشەیی یەکە زمانییەکان.

5. Speech Acts Theory

6. Presupposition

٧. بۆ نموونە

ئـ. جاک موشلار: ١٩٩٨:٢٧

ب. د. صلاح الدین یحیی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: التداولیة العرفانیة قبل التداولیة: ٢٠٢٠.

٨. تاکوو ئێستا ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر یازدە زمانی جیهانی.

٩. لەم توێژینەوەیەدا کەمتر باس لە تیۆری "پەیوەست" دەکرێت، بەڵکوو زیاتر جەخت لە سەر تیۆرە نوێیەکانی واتا دەکرێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تیۆری پەیوەست، بڕوانە: تریفە عومەر: ٢٠١٣: ل٧٠ بە دواوە.

١٠. لە بنەڕەتدا ڕێبازی سیمانتیکیی درکپێکردن جیاواز لە هەموو ڕێبازە سیمانتیکییەکانی تر، هیچ جیاوازییەک ناکات لە نێوان واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکیدا، بەڵکوو پێی وایە کە خودی واتای پڕاگماتیکی لە بنەڕەتدا واتایەکی سیمانتیکییە.

11. http://www.minerva.mic.ul.ie//vol4/frege.html

١٢. بنەچەی وشەی "Ontology" بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە، لە وشەی "Ontologia" وەرگیراوە کە بە واتای لێکۆڵینەوەیە لە جەوهەری شتەکان یان بریتییە لە زانستی بوون (علم الوجود). بۆ یەکەم جار فەیلەسووفی ئەڵمانی "Jacob Lohard" لە ساڵی 1606دا لە کارەکانیدا بەکاری هێناوە. دەتوانرێ بە لقێک لە فەلسەفە هەژمار بکرێ کە گرنگی دەدات بە چەمکەکانی بوون و جۆرایەتیی ئەو شتانەی پێکیان هێناوە. هەروەها دەتوانرێ وەکوو کۆزانیاری (المعرفة) سەیر بکرێت، بە سیفەتی پەیوەندی و تایبەتمەندییەکانی بەو بوارانەی لە بووندا بەرجەستە دەبن. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (https://www.merriam-webster.com/dictionary/ontology).

١٣. ئەم نموونانە لە کتێبەکەی (Evans & Green: 2006) وەرگیراون.

١٤. بیرۆکەی ئەم هاوکێشەیە لە (کاروان عومەر: ٢٠١٧:٤٣٢) وەرگیراوە، لە بنەڕەتدا هاوکێشەیەکی لۆجیکی و ماتماتیکییە.

١٥. تەنزێکی د. شێرکۆ عەبدوڵایە لە "سایتی درەو" بڵاو کراوەتەوە لە ساڵی ٢٠٢٢دا.

سەرچاوەکان

ئـ. بە زمانی کوردی:

١. تریفـە عومـەر ئەحمـەد، ٢٠١٣، پراگماتیکـی فەرهەنگـی و پێکداچوونـی پێکهاتەکانـی، تێـزی دکتـۆرا، سـکوڵی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.

٢. شـیلان ڕەحیـم ئیبراهیـم، ٢٠١٩، نەخشـاندنی کۆزانیاریـی وشـەیی لـە فەرهەنگی ئاوەزیـدا، تێـزای دکتـۆرا، بەشـی کـوردی، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.

٣. بـڕوا ڕەسـووڵ ئەحمـەد، ٢٠٢١، گەنجینەکردنـی زانیـاری لـە فەرهەنگی ئەقڵیـدا، تێـزی دکتـۆرا، کۆلێـژی پـەروەردە، بەشـی کـوردی، زانکـۆی ڕاپەڕیـن.

٤. کاروان عومـەر قـادر – ئـ ٢٠١٧، دارشـتەی چەمـک لـە زمانـی کوردیـدا، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ل٤١٩-٤٥١.

٥. کاروان عومـەر قـادر - ب، ٢٠١٢، سیسـتمی درکپێکـردن وەکـوو بنەمایەکـی ڕێزمانـی کـوردی، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ل٧٧-١١٢.

٦. سـەباح ڕەشـید قـادر، ٢٠٢٢، فەلسـەفەی زمـان، وانەکانـی خوێندنـی بـاڵا، دکتـۆرا، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر.

٧. هۆشـەنگ فـارووق جـەواد، ٢٠٢١، پوختەیەکـی تیـۆری میتافـۆڕە چەمکییـەکان، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ل٣٥-٦٨.

ب. بە زمانی عەرەبی:

٨. جـاک موشـلار & أن ريبـول، ٢٠١٠، القامـوس الموسـوعي للتداوليـة، دار سـيناترا، تونـس.

٩. صـلاح الديـن يحـي، ٢٠٢٠، التداوليـة العرفانيـة قبـل التداوليـة، مجلـة إشـكالات في اللغـة والأدب، ٥٧-٨١.

ج. بە زمانی ئینگلیزی:

10- **Bruno G. bara**2010 ،. Cognitive Pragmatics the mental processes of comunication. Milan: MIT press .

11- **Carlston**، R.2002 ،. Thouhts ans uttrances: The Pragmatics of Explicit Communication. Berlin: Blackwell Publishing Company.

12- **Evans**، V2007 ،. A glossary of cognitive linguistics. Edinburg: Edinburg University Press.

13- **Evans&Green** 2006،. Cognitive Linguistics an Introduction. Uk: Edinburgh University Press Ltd.

14- **Huang**، Y.2017 ،. The Oxford Handbook of Pragmatics. New York: Oxford University Press.

15- **jorg-Schmid**، H.2012 ،. Cognitive Pragmatics. s.l.:De Gruyter Mouton.

-16 **Bara**, B. G., 2017. Cognitive Pragmatics. In: Y. HUANG, ed. The Oxford Handbook Of Pragmatics. Uk: Oxford University press, pp. 299-279.

-17 **Bosco**, F. M., 2006. Cognitive Pragmatics. Torino-Italia: s.n.

-18 **Bruno G. bara**, 2010. Cognitive Pragmatics the mental processes of comunication. Milan: MIT press .

-19 **Carlston, R.**, 2002. Thouhts ans uttrances: The Pragmatics of Explicit Communication. Berlin: Blackwell Publishing Company.

-20 jorg-Schmid, H., 2012. Cognitive Pragmatics. s.l.:De Gruyter Mouton.

-21 **Langacker, R.**, 1987. Foundations of Cognitive Grammar. Stanford: Stanford University Press..

-22 **Levinson, S. C.**, 2003. Pragmatics. 15 ed. Uk: Cambridge University Press.

**ملخص**

**المفهوم باعتباره البعد للتداولية المعرفية في اللغة الكردية**

هـذا البحـث مقتطـف مـن أطروحـة دكتـوراه في مجـال التداوليـة بعنـوان (التداوليـة المعرفيـة في اللغـة الكرديـة). ولمـا كانـت التداوليـة تعمـل عـلى المعـاني المحملـة للوحـدات اللغويـة، أي؛ إنـه بحـث وفهـم لم يتـم التعبـير عنـه بشـكل صريـح ولكنـه يعتمـد عـلى عـدد مـن العوامـل البيئيـة والثقافيـة والاجتماعيـة والتقليديـة. ومجمـوع هـذه المعـاني، بحسـب التداوليـة المعرفيـة، وهـي أحـدث النظريـات التداوليـة، يقـترن بصحـة المفاهيـم. يحمـل كل مفهـوم مـن المفاهيـم اللغويـة مجموعـة متنوعـة مـن المعلومـات المشـتركة، بمـا في ذلـك المعلومـات (العامـة، والعاديـة، والمجـردة، والخاصـة). يتـم تجميـع هـذه المعلومـات نفسـها كحزمـة دلاليـة في ذهـن المتحـدث. ويعتمـد سرد كل مـن هـذه المعـاني عـلى عـدد مـن العمليـات العقليـة. ولأهميـة هـذا الجانـب سـنعرض دور المفاهيـم في تكويـن المعنـى التـداولي وفي التداوليـة المعرفيـة.

الكلمات المفتاحية: (المفهوم، النظام المفاهيمي، المعرفي، التداولية، التداولي المعرفية).

## Summary

Concept as a Cognitive pragmatic dimension in Kurdish language

This research is an excerpt from a doctoral dissertation in the field of pragmatics entitled (Cognitive Pragmatics in Kurdish Language). Since pragmatics is working on the loaded meanings of linguistic units, that is; it is an investigation and understanding which is not explicitly expressed but depends on a number of environmental, cultural, social and traditional factors. The sum of these meanings, according to Cognitive pragmatics, the latest pragmatic theory, is combined with the correctness of concepts. Each of the linguistic concepts carries a variety of co-information, including co-information (general, ordinary, abstract, and specific). This information itself is packaged as a semantic package in the speaker's mind. The narrative of each of these meanings depends on a number of Mental Processes. Because of the importance of this aspect, we are going to present the role of concepts in the formation of pragmatic meaning and in Cognitive pragmatics.

Keywords: (concept, conceptual system, cognitive, pragmatic, Cognitive pragmatics).